# لە یادی" ئەنفال "دا با.. نەیەڵین "ئەنفال" دوو بارە بێتەوە

هیدایەت مەلا عەلی
Hidayat_malaali@yahoo.com
2005/4/14

کێ هەیە ئەم ووشەیە " ئەنفال " نەهەژێنێ و سەرتاپای ویژدانی ئینسانی نەهێنێتە لەرزین.کێ هەیە مەرگی زیاتر لە" 182" هەزار ئینسان لە لای نەبووبێتە یادگاریەکی تاڵی هەرگیز لە بیر نەچوو . کێ هەیە زریکەی هەر مناڵێکی ئەنفال کراو لە گوێیدا نەزرنگێتەوەو وەك هاواری مناڵەکەی خۆی سەیری نەکات .ئەوەی ئەم کێیانە نایگرێتەوە دەسەڵاتە ڕەشەکەی بەعس و ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە گەورەیەیە . ئەوەی ئەم کێیانە نایانگرێتەوە " صەدامی جەلاد " عەلی کیمیای خوێن ڕێژ " وفیق سامەڕائی دۆستی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد"نزار خەزرەجی تاوانبار" و سەدان موستەشار و دەیانی وەك شێخ جەعفەر و دەستەو تاقمە ئینسان کوژەکەیانە . ئەنفال یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی لە مێژووی بەشەریدا هاوشێوەی کەمەو جۆری ئەو کۆمەڵ کوژیە بە جۆرێکە مەگەر هەر لە دەسەلاتی شومی وەك بەعس و شۆڤێنیەکانی وەك ئەو بوەشێتەوە .

دەسەڵاتی بەعس و تەمەنی پڕ لە تاوانی تەنها دەیتوانی پایەکانی بەکوشتن و جینۆساید و قەتل وعام درێژ بکاتەوە . خەڵکی کوردوستان لە سەر دەستی ئەو ڕژێمە قەوم پەرستە بەشی شێری بەرکەوتووە لە کارەسات و گیان لە دەستدانی هەزاران ئینسان بەژن و پیاو گەورە و مناڵەوە . بەهۆی ئەوەی خەڵکی کوردوستان لە چوار چێوەی وولاتێکی بەعەرەبی پێناسە کراو بە شەریعەتی ئیسلامی ئاودراو ژیانی مەمرەو مەژی دەکرد و هاوولاتی پلە دوو بوو . هەر چرکەیەك مەحکوم بە ئەنفال و کیمیاباران و ئەشکەنجەو لە سێدارە دان بوو . قڵشتی قەومی کە سەرانی بەعس و ناسیۆنالیزمی کورد هەمیشە قوڵیان کردۆتەوە وەك بیرێك .ئەو بیرە هەمیشە بە مەرگ و گیانی خەڵکی کوردوستان پڕ کراوەتەوەو دوژمنایەتی و هەستی قەومگەرای زیاتر کردووە .سیستەمێك کە ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدا ئەوا ئێستا لە هەلومەرجی ئاڵۆزو سیاسی عێراقدا خەریکە جێنشینەکەی دێتەوە سەر کورسی بەڵام بە جل و بەرگ و دەم و چاوێکی ترەوە . ئەوەتا ئێستا لەسەرو بەندی دامەزراندنەوەی دەووڵەت و حکوومەت و دەستوردا ئەحزابی قەومی کورد و عەرەب و ئیسلامی سیاسی خەریکن وەك پێشوو وولاتێکی عەرەبی دەستورێکی ئیسلامی دەزگایەکی سەرکوتگەر پێك دەهێننەوە .

ئەم پێناسە بۆ دەووڵەت و یاسا و دەستوور بۆ خەڵکی کوردوستان هیچ نیە بێجگە گەڕانەوە و دووبارە بوونەوەی ئەنفال . پاراستنی خەڵکی کوردوستان لە ئەنفال و کیمیابارانێکی تر سەرۆك بوونی تاڵەبانی نیە ,ژمارەی وەزیر , بوودجەی باش , فیدراڵی , وەستانی تاڵەبانی بە شانی جەعفەری و حەکیمەوە نیە. ڕێگا چارەی واقعی و ئینسانی بۆ کۆتای هێنان بە پلە دوو بوونی خەڵکی کوردوستان و ڕوونە دانەوەی ئەنفال و برینێکی قووڵی تر جیابونەوەی کوردوستان و پێکهێنانی دەووڵەتی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیە .